دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق-کەرکووک
بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ


# حاجیلە

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نێر گیز جاری گەردوون
حاجی قادری کۆیی


شوبات ٢٠١١
٨




ڕێویەکی فێڵباز لە نێو ڕووپەرەکانی ئەم گۆوارەدا خۆی حەشارداوە، ئەگەر دۆزیتەوە، ژمارەی ساڵێکی گۆوارەکەمانت بە دیاری بۆ دێت.



## بێچووی ئاژەڵان

ژێر پێیەکانم ماددەیەکی لینجیان پێوەیە کە بەهۆیەوە دەتوانم لەسەر لقی دارە گەڵادارەکاندا دانیشم.

دەزانن من چیم؟

من بێچووی ئاژەڵێکم کە پێی دەگوترێ تەرسیس و نیشتمانی من دارستانەکانی ئیندۆنیسیایە.

من و خوشک و براکانم دەتوانین سەرمان بەتەواوی بەدەوری خۆیدا بەئەندازەی بازنەیەکی تەواو بسووڕێنینەوە، بۆیە بەردەوام ڕوومان لە دایکی خۆشەویستمانە.

ئا: زەریف



تاتیانە- کەرکووک-عەرەفە

## تریتونیا

نیشتمانی ئەم جۆرە گوڵە باشووری ئەفریقیایە. گوڵەکەی بۆ لێکردنەوە بەکار دێت و ڕووەکێکە بەسەلک (وەک پەتاتە) زیاد دەکرێ. خۆشی بەرهەمی ئاوێتەبوونی دوو جۆری تری گوڵە کە ناویان ت.ئۆرێ و ت.پوتسییە.





## پرتەقاڵی شیرین

نیشتمانی ئەم ڕووەکە خۆرهەڵاتی ئاسیایە. دوو جۆری هەیە، یەکێکیان بەرەکەی خەپلەییە و ئەوەی تر شێوەی لە بەری ئاسایی دەچێ.

دەبێ ڕۆشناییی تەواو لێی بدا و، لە وەرزی گەشەکردندا حەزی لە گەرمایەکی مامناوەندییە (لە دەرەوەی ماڵیش دەروێنرێ). لە وەرزی گەشەدا تا ناوەڕاستی مانگی ئاب ئاودانی باشی دەوێ. هەروەها هەفتەی دوو جار پەیینی دەوێ لە ماوەی گەشەکردندا.

لە ئینگلیزییەوە : بابی هیوا - کەرکووک

## نەرمە دارخورما

کریستینا - کەرکووک



ئەم ڕووەکە حەزی لە ڕۆشناییی زۆر هەیە، هەروەها توانای هەیە لەبەر تیشکی ڕاستەوخۆی هەتاودا بژی.

پێویستە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئاو بدرێ و، بەکەمی پێویستی بەپەیین هەیە.





## خەون و خەیاڵ

ئەسعەد لوریزادە-چەمچەماڵ

دایە گوێگرە هاوارم — بۆخۆم تێر تێر دەڕوانم
لە ژووری نووستن بێزارم — لە جوانی کوردستانم
دەمەوێ هەموو شەوان — زیاتر بەرز دەبمەوە
بۆ خەوتن بچمە سەربان — فریشتە کۆکەمەوە
سەیری ئەستێرە و مانگ بکەم — دەڵێم خۆ ئێوە پاکن
بەرەو لای خۆمیان بانگ بکەم — هەڵوەدای کاری چاکن
بێن و دەستکەین بەیاری — هەموو بپارێینەوە
یاریی ناو کوردەواری — لە خوا نزیک بینەوە
(پیمپامپلۆز) و (چاوشارکێ) — بڵێین توخوا خوایە گیان
کێ وریاترە لە کێ! — با ئازاد بێ کوردستان

گەر ئەوان بردیانەوە
دەیانهێنمە ماڵەوە
لەگەڵ تاقە خوشکەکەم
چاوەکانیان ڕەش دەکەم
بەجوانی دەیاندوێنین
پرچیان بۆ دادەهێنین
بەڵام گەر من بردمەوە
لەکۆڵیان نابمەوە
دەبێ بمبەن بۆ ئاسمان
بمکەن بە هاوڕێی خۆیان



## مەتەڵ

عوسمان دەروێش_کەرکووک

شەش پیتە. گیانلەبەرە
مەلێکی ڕەشی کۆچەرە
لە وەرزی زستان دێتەوە
بەهاران دەگەڕێتەوە
بە ساچمە و بە تۆڕ و داو
ڕاوچی زۆریان لێ دەکا ڕاو
کام مەلە بەستەزمانە؟
دەیانبینین ئەم زستانە.

## فەرهەنگی حاجیلە

بێلان - کەرکووک

ئەسـێمبلی assembly کۆبوونەوە لەو کاتەدا دەبێ کـە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە یەک کات و شوێندا چاویان بەیەکتر دەکەوێ.

ئەیت ate خواردی

فەرمانـی ڕابردووە بـۆ (دەخوا eat).ئەتێنشـن attention

سەرنج ، گرینگی پێدان

کەسـێک یان شـتێک تۆ بەلای خۆیدا ڕاکێشـێ، پێی دەڵێن سـەرنجراکێش.یان تۆ سـەرنج بدەیتە کەسانێک و بتەوێ بزانی چی دەڵێن.

ئەتراکت attract ، بەکێشکردن

کاتێ شتێک، کەسێک یان ئاژەڵێک بەلای خۆیدا ڕا دەکێشێ و وای لێ دەکا گرینگی پێ بدا. یان کاتێ موگناتیس هەندێ شـت ڕا دەکێشـێ و نزیکیان دەخاتەوە.

ئۆدیەنس audience ، بینەران (یان جەماوەر)

کۆمەڵێ خەڵکن کە لە شـوێنێکدا کـۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی شتێک ببینن یان گوێ لە شتێک بگرن.

ئۆتۆم autumn ، پایز

پایز ئەو وەرزەی سـاڵەیە کە بەدوای هاویندا دێ و کەشوهەوا بەرەو سـاردی دەڕوا و، گەڵای دار دەوەرن.

ڕۆشنبیری

## خێراترین زمان

پاکیزە عەلی _ تەپەی مەلا عەبدوڵڵا

زمانی فەرەنسـایی بە خێراترین زمان دادەنـرێ لـە ڕووی دەربرینـەوە، کەسـێکی فەرەنسـایی دەتوانێ ٣٥٠ وشـە لە خولەکێکدا دەربڕێ، دوای ئەویش زمانی یابانـی دێ کە دەتوانی لـە خولەکێکـدا ٣١٠ وشـە دەربڕی. زمانی ئینگلیزیش بە پلەی سـێیەم دێ و دەتوانی لـە خولەکێکدا ٢٠٩ وشـە دەربڕی.

## ئیدیومی کوردی

شلێر محەمەد

***ناخۆران و بخۆرانە:***

بـەرۆژ و سـەردەمێک دەگوترێـت، کـە دامودەزگاکانـی هیچیـان بەسـەر هیچەوە نەمابێت و پشێویی تێدا بێت. زۆر و ستەم لە ئەندازە بەدەر بێت.

***ناسنی سارد دەکوتێتەوە:***

کارەکـەی بـێ ئەنجامە و بێ هـوودە خۆی ماندوو دەکات.

***چە پەرە شرە چ پێوە بێت، چ لێوە بێت:***

بەیەکێک یا شتێک دەوترێت، بوون و نەبوونی وەک یەک وابێت. واتا بێ کەڵکە. بۆ سووکیی ئەو کەسە یا ئەو شتە دەوترێت.

***دەڵێی توونی بابایە:***

توونی بابا ، دۆڵ و دەرەیەکی دوور و درێژ و بەپێچ و پلووچە، لەولای دەربەندیخانەوەیە، مـرۆڤ تێیـدا ون دەبێـت. بەشـوێنێک یا خانوویەک دەوترێت پێچ و پەنای زۆر بێت و سەری لێ دەرنەکرێت.



# نیوداران



## محەمەد ئەمین زەکی بەگ

ئا: کاوە ئەردەڵان – سلێمانی

محەمەد ئەمیـن زەکی کوڕی عەبدولڕەحمان سـاڵی ١٨٨٠ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.

سـەرەتا لە قوتابخانەی مەلا عەبدولعەزیز، بەزمانی فارسـی خوێندوویەتی و، دواتر چووەتە تاکە قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانی. سـاڵی ١٨٩٦ چووەتە ئامادەیی سەربازی لە بەغدا و لە ١٨٩٩ چووەتە قوتابخانەی حەربی لە ئەستەنبوڵ.

ساڵی ١٩٠٢ بووەتە ئەفسەر لە سوپای شەشەمی عوسمانی لە بەغدا.

لـە سـاڵی ١٩١٧ محەمـەد ئەمیـن زەکـی وەک یاریدەدەری سوپاسالاری سوپای حەوتەمی عوسـمانی بەسەرکردایەتیی مسـتەفا کەمال پاشا دامەزرا و، ساڵی ١٩١٨ لە بەرەی شەڕ لە فەلەستین بەشداریی کرد.

دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق بووە مامۆسـتا لە قوتابخانەی سـەربازی، دواتر بووە وەزیری ئەشغاڵ و گەیاندن و وەزیری مەعاریف (پەروەردە) و وەزیری بەرگری و وەزیری ئابووری و گەیاندن.

سـاڵی ١٩٣٧ وەک نوێنەری لیوای (پارێزگای) سـلێمانی هاتە هەڵبـژاردن و لەو ماوەیەدا دوو بەرگی کتێبی (خولاسـەی کورد و کوردستان)ی نووسی، بەرگی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧ بڵاو کردووە. هەروەها دوو کتێبـی تری دانا، یەکێکیـان بەناوی (ناودارانی کورد) و ئەوەی تر بەناوی (مێژووی سـلێمانی و حاکمەکانی) لە ساڵی ١٩٣٩.

محەمـەد ئەمین زەکی بەگ لە ٩ی تەممـووزی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی گواسـترایەوە شاری سلێمانی و لەوێ بەخاک سپێردرا.



## جان جاک ڕۆسۆ

حەمەی مەلا عەباس – ئاغجەلەر

جان جاک ڕۆسۆ ساڵی ١٧١٢ لە فەرەنسا لەدایک بووە. ئەم پیاوە فەیلەسووف و سیاسەتوان و زانای بواری پەروەردە بوو، هەروەها موزیکزانیش بوو و خۆی خۆی فێری بنەماکانی موزیک کردبوو.

ڕۆسۆ لە نووسـینەکانیدا جەختی دەکردەوە لەسـەر ئەوەی مرۆڤ ئەگەر دەسـتەوارەیەکی کۆمەڵایەتـی ئەنجام بـدا، کە تیایـدا کۆمەڵگە هەمووی سـەروەر بێ، ئەوا دەتوانێ ئازادی دەسـتەبەر بکا. لە کتێبی «دەستەوارەی کۆمەڵایەتی» کە بەناوبانگترینی کتێبەکانیەتی باس لەمە دەکا.

هەروەها لە کتێبی «ئیمیل»دا، ڕۆسۆ دەڵێ پێویستە منداڵ هەلی بۆ بڕەخسێ و بواری هەبێ بۆ ئەوەی بەهرە سرووشتییەکانی پەرە پێ بدا بەبێ دەسکاریی دەرەکی. بەمەش ئـەو منداڵە کاتێ گەورە دەبێ لە هەڵبژاردنەکانیدا لە کاتی تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەدا ئازاد دەبێ.

ڕۆسـۆ سـاڵی ١٧٧٨ کۆچی دوایی کرد و، بەدرێژایی ژیانی بانگەوازی بۆ مافـی گەل لە حوکمڕانیی خۆی دەکرد و بۆ زاڵ نەبوونی ستەم بەسەر کۆمەڵگەدا. هەروەها داوای دەکرد هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە ماف و ئەرکدا یەکسان بن.

# پشیلەی ژیر

هەرێز چیمەنی - کەرکووک





هەبوو نەبوو، کابرایەکی نانەواله پاش خۆی پشیلەیەکی بۆ یەکێ لە کورەکانی بەمیراتی هێشتەوە. کورە سەری سوڕ مابوو، ئەم پشیلەیە چییە و چیی لێ بکا.

بەلاّم پشیلەکە بڕیاری دا هاوکاریی کورەکە بکا و، داوای جزمەیەکی مل درێژ و شەپقەیەک و توورەکەیەکی لێی کرد.



پشیلەکە ڕاوی کەروێشکێکی کرد و خستییە ناو توورەکەکەوە و، چووە لای پاشا و پێی گوت: «ئەمە دیاریی میر (کاراباس)ـە بۆ ئێوە. ئیتر هەر چەند ڕۆژ جارێک پشیلەکە دیارییەکی بۆ پاشا دەبرد، تا بووە مەراق لە دلی پاشا «دەبێ ئەم میرە کێ بێ.





ڕۆژێک پشیلەکە زانیی کە پاشا و کچەکەی بەنیازن بەگالیسکەکەیان سەیرانێک بۆ سەر کەنار ڕووبارەکە بکەن.
بۆیە چووە لای کورەکە و پێی گوت: «ئەگەر متمانەم پێ بکەی ئەوە زوو دەولەمەند دەبی. بەلاّم چیم پێت گوت جێبەجێی بکە. سبەی بچۆ کەناری ڕووبارەکە و لەو شوێنەی من بۆت دەستنیشان دەکەم خۆت نوقمی ژێر ئاو بکە».



کورەکەش بەقسەی پشیلەکەی کرد و، کاتێ گالیسکەی پاشا گەیشت، پشیلەکە دەستی کرد بە هاوارکردن: «فریامان کەون ئەوەتا جلوبەرگی میر کاراباس دزراوە و مەلەوانێکی باشیش نییە».



پاشا پشیلەکەی ناسییەوە و، فەرمانی بەپاسەوانەکانی دا کە میرە گەنجەکە ڕزگار بکەن و بەرگی پاشای لەبەر بکەن.


لەو کاتەدا پشیلەکە پێش گالیسکەکە کەوت و خۆی گەیاندە کێڵگەیەک و، بانگی جووتیارەکانی کرد و پێیانی گوت:
کاتێ پاشـــا بە ئێرەدا تێپەڕی، پێی بڵێن ئەم کێڵگەیە هی میر کاراباسە، پشیلەکە ئەوەشـــی دەزانی کە ئەو زەوییانە هی دێوەکـــەن. بۆیە چووە لای دێوەکە، دێویش لێی پرســـی بۆ چی هاتووە.


پشـــیلەکە گوتی: «هاتووم بزانم تۆ دەتوانی خۆت بکەیتە شێرێکی زەبەلاح». دێو یەکسەر خۆی کرد بە شێر.
– ئینجـــا گوتی: «دەی با بزانم دەتوانی خۆت بکەی بە ئاژەڵێکی بچووک»، ئەم جارەیان دێو خۆی کرد بە مشک، ئینجا بە چاوتروکانێک پشیلەکە پەلاماری دا و قووتی دا.


دوای ئەمە لەگەڵ گەیشـــتنی گالیســـکەی پاشـــا بۆ بەردەمی کۆشـــکی دێوەکە، پشیلەکە بانگی کرد: «فەرموون، بەخێر بێن بۆ کۆشکی میر کاراباس».
کورەکە ســـەری لەم کارە ســـوڕ ما، بەڵام داوای لە پاشـــا و شازادە کرد بچنە ناو کۆشکەکە.
شازادە بە چاوی خۆشەویستییەوە سەیری کورە گەنجەکەی دەکرد و بە کارە سەیرەکانی سەرسام بوو




«میـــر» لەگـــەڵ میوانەکانی گەیشـــتنە ژووری نانخـــواردن کـــە مێزێکی تێدا هەبوو خۆشترین خواردنەکانی لەسەر ڕیز کرابوون.
پاشـــا بەسەرســـامییە گوتی: «بڕوانن ئـــەم میرە چەند چاوتێرە».


پاشـــا ئاگای لێ بوو کە کچەکەی بە چاوی خۆشەویســـتی لە «میر»ی دەڕوانی، بۆیە لە دلی خۆیدا گوتی: «ئەم گەنجە شـــایانی ئەوەیە ببێ بە هاوژینی کچەکەم».


ئیتر شـــازادە و کاراباس زەماوەندیان کرد و ســـێ شـــەو و سێ ڕۆژ بەم بۆنەیەوە ئاهەنگیان گێڕا، منیش چووم هێچیان نەدامێ.



## بزن مژە

دابان مەجید – سەرچنار

گیاندارێکی زۆر سـەیرە، چونکە درێژیی زمانی دووجار لە جەستەی درێژترە، زۆرتریش لە جەنگەڵەکانی چرەکانی ئەفریقیا و مەدەغەشقەر و نێجیردا هەیە. ئەم گیاندارە زمانی زۆر باریکە و کاتێک دەیباتە نێو دەمییەوە کلافەی دەکات، لە دەرهێنانیشدا بۆ نێچیرەکەی بەکاری دەهێنێت، کە مادەیەکی لینجی دەپرژێنێتە سەر بۆ ئەوەی مێرووەکانی پێوە بلکێن. خەسڵەتێکی تری ئەم گیاندارە ئەوەیە دەتوانێت بە ئاسانی رەنگی خۆی بگۆڕێت.



## خێراترین ئاژەڵ

هەناسە ئەحمەد-شۆرجەی کەرکووک

خێراترین ئاژەڵ لە سەر رووی زەویدا، پڵینگی هیندییە کە دەتوانێ لە ماوەی ٢ چرکەدا لە راوەستانەوە خێرایی خۆی بگەیەنێتە ٧٢ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا. ئەگەر لە راکردندا بەردەوام بێت دەتوانێ خێرایی خۆی بگەیەنێتە ١١٢کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا. لە فیلمێکی تۆمارکراویشدا دەرکەوتووە، کە پڵینگی هیندی دەتوانێ ٦٣٠ مەتر لە ٢٠چرکەدا ببڕێ، واتا خێراییەکەی گەیشتووەتە ١١٥کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا. ئەگەر بەراوردی خێرایی ئاژەڵانیش بکەین دەبینین: خێرایی شێر و ئاسک ٨٠ کیلۆمەترە لە سەعاتێکدا، و خێرایی زێبرا(کەرە کێوی) دەگاتە ٦٤ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا. ئەوپەڕی خێراییی فیلیش دەگاتە ٤٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا. بزن و مەڕ و حوشتریش دەتوانن بە خێرایی ١٦ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا را بکەن، کەروێشکیش دەتوانێ بە راکردنی ٤٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا خۆی لە دەست دوژمنەکانی رزگار بکات. خێراییی خێراترین مرۆڤیش دەگاتە ٣٢ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا.

## تەمەنی گیانداران

سەرخێڵ-چیمەن

فیل ٦٠ ساڵ
گامێشی دەریا ٤١ ساڵ
کەرکەدەن ٤٠ ساڵ
ورچ ٣٤ ساڵ
مەیموون ٢٠ ساڵ
پشیلە ٢٣ ساڵ
سەگ ٢٢ ساڵ
سەرگەر ٥٥ ساڵ
تووتی ٥٤ ساڵ

سەقاقوشی سپی ٥١ ساڵ
ریشۆڵە ١٧ ساڵ
کەناری ٢٢ ساڵ
کاردیناڵ ٣٠ ساڵ
سوورە ماسی ٢٥ ساڵ
ماسیی سەلور ٦٠ ساڵ
ماسی ئیقلیسی ئەمەریکی ٥٠ ساڵ





## هەنجیر

کازیوە رەزاق – هەولێر

میوەیەکی تام خۆشە و بەمادەی شەکر دەوڵەمەندە، شیری هەنجیر مادەیەکی ژەهراوییە و بەر پێست بکەوێت خانەکانی دەکوژێت، بۆیە لەو کاتەدا هەست بەخوران دەکرێت. درەختی هەنجیر تا ٦ مەتر بەرز دەبێتەوە. لە دوای سێیەم ساڵی رواندنی بەر دەگرێت و لە سەرمای شەختەدا خۆی ناگرێت، بۆیە لە ناوچە گەرمەسێر و هەوا مامناوەندەکاندا باش گەشە دەکات.

تایبەتمەندیی میوەی هەنجیر:

× دەردانی ئارەقە خێرا و زیاد دەکات.
× هانی میزکردن دەدات.
× پڵەی گەرمیی لەش دادەبەزێنێت.
× مرۆڤ قەڵەو دەکات، بۆ ئەوانەی لاوازن .
× پاککەرەوەی ریخۆڵەکانە و فرێدانی پاشەڕۆ خێرا دەکات.
× خواردنی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانای سێکسی.
× هەنجیر جگەر بەهێز دەکات.



## بەشەو لە بن دارەندا مەنوون

سۆز هیدایەت-سۆران

گیاندار و رووەک بۆ ئەوەی بژین پێویستە هەناسە بدەن، تەنیا جیاوازیش ئەوەیە گیانداران ئۆکسجین هەڵدەمژن و دووانە ئۆکسیدی کاربۆن دەدەنەوە، بەڵام رووەکەکان لە رۆژدا دووانە ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژن و ئۆکسجین دەدەنەوە، بەڵام لە شەودا بەپێچەوانە. بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە رۆژدا گەڵای رووەکەکان دووانە ئۆکسیدی کاربۆن وەردەگرن و مادەی سەوز (کلۆرۆفیل) لە گەڵاکاندا دەیگۆڕێت بۆ شەکر و ئاو، ئەم کردارەش پێی دەگوترێت (رۆشنە پێکهاتن) ئەمەش تەنیا بە بوونی تیشکی خۆر روودەدات. بۆ رزگار بوون لە ئۆکسجینی بەرهەمهاتوو لەم کردارەدا، ئۆکسجینەکە دەچێتە هەوای دەوروبەر و شەکرەکەش وەکو خۆراک بۆ رووەکەکە بەکار دێت، شەکرەکەش دەگۆڕێت بۆ کاربۆهێدرات و ترشی کاربۆنیک و ڤیتامین. بەڵام کە تیشکی خۆر دیار نامێنێت کرداری رۆشنە پێکهاتە کۆتایی دێت و رووەکەکان بەشێک لەو شەکرەی لە رۆژدا بەرهەمیان هێناوە بەکار دەبەن و ئۆکسجینەکەش هەڵدەمژن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەدەنەوە و لەبەر ئەوە ئامۆژگاریمان ئەوەیە بەشەوان لەژێر داراندا مەنوون.



# بۆچی مار کاژ فڕێدەدات؟

شادان شوان – خانەقین

مار لە خشۆکە خوێن سارد و لاشە درێژەکانە و لە رووی بایەلۆجییەوە پێوەندییان بە بڕبڕەدارە خوێن ساردەکانەوە هەیە، وەکو بزنمژۆک و تیمساحی ئەمریکی و کیسەڵ.
مار لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا هەن، زیاتر لە دوو هەزار و ٤٠٠ جۆریان هەن، هەمووشیان کاژ فڕێ دەدەن، ئەم دیاردەیە لە سۆنگەی ئەو تایبەتمەندییەوە ڕوودەدات کە لە ماردا هەیە.
مار لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی قەبارەی لەشی گەورە دەبێت تەنانەت لە کاتی پیریشدا، لەبەر ئەوە ناچارە کاژەکەی لەبەر خۆی داکەنێت. مار لە مانگێکەوە بۆ سێ مانگ جارێک بەگوێرەی جۆری مارەکە بە ڕێکوپێکی کاژەکە فڕێ دەدات، ئەمەش بە لێخشاندنی پێستەکەی بە شتێکی زبردا.

## چیرۆکێکی فۆلکلۆریی ئەریتیریا ( بۆچی مار کاژ دەگۆڕێ )

لە سوێدییەوە ( ڕێواس ئەحمەد )

لە زەمانێکی زوودا، لەو کاتەی زەمین تازە بوو. هێشتا مردن لەسەر زەمین نەبوو. مردن تەنیا لە ئاسمان و لەگەڵ خودادا دەژیا . جارێکیان مردن بە خودای وت:
ـ من دەمەوێ بچمە خوارەوە بۆ سەر زەمین. خودا وتی: نا.
ـ بۆچی؟ خۆ مرۆڤیش دەبێت بمرێ.
ـ من بەڵێنم بە مرۆڤ داوە کە هەتاهەتایە بژین، هەرکاتێکیش پێستەکەیان کۆن بوو، من پێستی تازەیان دەدەمێ.
خودا کۆمەڵە پێستێکی زۆری لە ئاسماندا هەبوو. ڕۆژێک خودا پێستەکانی خستە ناو سەبەتەیەکی گەورەوە و بەو سەگەی وت کە لە ئاسماندا دەژیا کە ئەو سەبەتەیە بدات بە مرۆڤەکانی سەر زەوی.
سەگەکە چووە سەر زەمین، ڕێگاکەی زۆر دوور بوو، ماندوو برسی ببوو. کۆمەڵە ئاژەڵێکی بینی کە نانیان دەخوارد. لەگەڵیاندا دانیشت و تێرتێری خوارد. هێندەی تر ماندوو بوو، ئەوجا بەدیار سەبەتەکەیەوە خەوی لێکەوت.
پاش ماوەیەک مارێک بەوێدا تێپەڕی و لە سەگەکەی پرسی: چی لەو سەبەتەیەدا هەیە؟ سەگەکە لە وەڵامدا وتی: ئەمە پێستە و بۆ مرۆڤم هێناوە، کاتێ کە پێستەکانیان کۆن دەبێت، دەتوانن ئەمە بەکاربهێنن.
مارەکە هیچ قسەی نەکرد و بەرەو دارستان ڕۆیشت.
بەیانی کە سەگەکە خەبەری بووەوە، بینی سەبەتەکە نەماوە. یەکسەر زانی کە مارەکە بردوویەتی. سەگەکە هیچی نەکرد و بەردەوام بوو تا گەیشتە لای مرۆڤەکان. پاشان پێی وتن: خودا بە مندا پێستی بۆ ناردن، بەڵام مارەکە پێستەکەی ئێوەی برد. مرۆڤەکانیش تووڕەبوون و چوون بۆ لای خودا وتیان: پێستەکەمان دەوێتەوە، ئێمە پێویستیمان بە پێست هەیە. خوداش لە وەڵامدا وتی: ورد گوێ بگرن! بیر لەوە ناکەمەوە پێستی دیکەتان بدەمێ. کە پیربوون دەبێت بمرن.»
دەڵێن ئا لەو کاتەوە مردن هاتە سەر زەمین. بۆیە مرۆڤەکانیش هێندە ڕقیان لە مارە و کە دەیبینن  دەیکوژن و ماریش بەردەوام خۆی لە مرۆڤ دووردەخاتەوە و هەموو ساڵێکیش کاژەکۆنەکەی فڕێ دەدات.
ماریش تاقە زیندەوەرێکە کە پێستەکەی خۆی دەگۆڕێ.





# بۆچی چەپڵە لێدەدەین؟

پۆلا لەشکر – هەولێر

لە کۆنەوە گریکەکان بۆ دەربڕینی خۆشی و هاندانی ئەکتەرانی سەر شانۆ چەپڵەیان لێدەدا و بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد. ڕۆمانەکانیش بۆ هەمان مەبەست چەقەنە و چەپڵەیان لێدەدا. لە سەدەی حەڤدەشدا ڕەزامەندیی خۆیان بە پێدانە زەوی و فیکە و چەپڵەلێدانەوە دەردەبڕی.
پیاوانی ئایینیی ئەوروپا ئەم هەڵوێستانەیان پەسند نەکرد و داوایان لە هاندەران کرد دەستخۆشی و ئافەرین لێکردن بە کۆکەیەکی نەرم یان ئحمێک دەربڕن.
هەموو ئەم شتانەش لەلایەن دەروونناسانەوە بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە: چەپڵە لێدان و فیکە و جۆرەکانی تری هاندان بریتین لە تێرکردنی خواستەکانی هاندەران لە هاندانی خەڵک و پیرۆزبایی کردن، هەروەها هەست کردنە بە بەشداریکردن لە خۆشییەکان و لەبەرئەوەی دەستیان ناگاتە کەسەکە و لەبری ئەوەی دەست لە پشتی کەسەکە بدەن چەپڵەی بۆ لێدەدەن.
لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیدا کەسانی پسپۆڕ هەبوون و بەکرێ دەگیران بۆ هاندان و چەپڵەلێدان. بۆ نموونە نیرۆن لە هەر دەرکەوتن و خوێندنەوەی وتارێکدا پارەی دەدایە ٥ هەزار کەس تا چەپڵەی بۆ لێبدەن.

# چۆن ماچ بووە نەریتی گەلان؟

ڕۆژ محەمەد – عەرەفە – کەرکووک

هۆزە ئەفەریقاییەکان بۆ یەکەمین جار ماچیان وەکو نەریتێک داهێناوە و بۆ ڕێزگرتن لە پێشەوا و سەرۆک هۆزەکانیان، شوێن پێی سەرۆکەکانیان ماچ دەکرد. ڕۆمانەکانیش بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و ڕێزگرتن هەردوو چاو و نێو دەمی یەکترییان ماچ دەکرد.
بەگزادەکانی ڕۆمان، لێوی ئیمپراتۆریان ماچ دەکرد، بەڵام ڕەعییەت دەست و پێی ئیمپراتۆریان ماچ دەکرد، پاشان ئەم نەریتە لە ئەورووپاش بڵاوبووەوە و ئەوروپاییەکان بۆ ڕیزگرتن لە هەڵپەڕکێی میللیی وڵاتەکەیان، لە دووای تەواوبوونی هەر نمایشێک، دەستی سەماکارانیان ماچ دەکرد.
ئێستاش ماچ وەکو نەریتێک لەنێو سەرجەم میللەتانی دنیادا بڵاوە و بێجگە لە ماچ کردنەکە، لەنێو هەندێ نەتەوەدا لە ئامێزگرتن و سەری لووت و نێوچەوان ماچ کرد باوە، لە نێو هەندێکی تریشیان ماچ کردنی هاوڕەگەزی خۆت عەیبێکی گەورەیە.



# بۆچی سوپەرمارکت دامەزرا؟

شێرزاد سوبحی - ڕەحیماوە

بـۆ کەمکردنەوەی ژمـارەی کرێکارانی فرۆشـگەکان و ئازاد کردنـی کریاران لە هەڵبژاردنی پێویسـتییەکانی خۆیان لە فرۆشگەکان، لە ساڵی ١٩٣٠دا بۆ یەکەمین جار لە ئەمەریکا هەوڵی نەهێشـتنی ڕۆڵی کارمەندانی فرۆشتن لە فرۆشگەکان درا.

لەو سـاڵەدا کە لە سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـکادا بێکاری تەشـەنەی کردبوو، لـە نیویۆرک خاوەن فرۆشـگەیەک ڕیـزە دوکانێکـی بەکرێ گرت و بۆ ئـەوەی کـەس بەکـرێ نەگـرێ، کریارەکانی لە گەڕان و سـووڕاندا ئـازاد کرد تا بە ئـارەزووی خۆیان بەنێـو دوکانەکاندا بسـووڕێنەوە و شـتەکان هەڵبژێرن، شوێنەکەشی ناو نا (کینگ کالین).

لەبەرئەوەی کرێی کارمەندی فرۆشتنی لەکۆڵ بووبووەوە، نرخی کاڵا و شتومەکەکانی لە بازاڕ هەرزانتر دەفرۆشت، بۆیە خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد و داهاتێکی باشـی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەست کەوت.

کینـگ کالین بـە پێوەرەکانی ئێسـتا یەکەمین سـوپەرمارکت بوو و هەتا ساڵی ١٩٣٦ ژمارەی سوپەرمارکەتەکان گەیشتە ١٢٠٠ سوپەرمارکت لە ئەمەریکا.







# وەرە با فێری پایسکیل لێخوڕین بین

دڵدار ئازا - تەقتەق

سـەرەتا ترس و دڵەڕاوکێ لـە دڵی خۆت دەربێنـە بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو فێری لێخوڕینی پایسکل ببی.

١- جاری یەکەم کوشـنی پایسـکلەکە (ئەو شـوێنەی لەسەر دادەنیشی) نزم بکـەوە تا ئـەو ڕادەیەی بتوانی بەئاسـانی پێ بگەیەنیتە زەوی.

٢- کاتـێ کە توانیت پێت بگەیەنیتە زەوی هەسـت بەدڵنیایی زیاتر دەکـەی. ئینجا پایسـکلەکە وەک ڕەورەوە بـەکار بێنە و، بەرەو پێشـەوە بڕۆ و بۆ ئەم لا و ئەو لا بسـووڕێوە و هەوڵی شارەزابوون لە بەکارهێنانی برێک و سوکان بدە.

٣- دوای ئەوەی دڵنیا بووی کە ئەو شـتانە فێر بووی و دەتوانی برێک بگری و بسووڕێتەوە، دەتوانی کوشنەکە بەرز بکەیتەوە تا ئەو ئاسـتەی بەباشی دەزانی. ئینجا پایسکلەکە لێخوڕە، بەڵام خـۆت بـەدوور بگرە لە جـادە و ڕێی قەڵەباڵغی پڕ سـەیارە و شوێنی مەترسیدار.

لەوانەیـە دایـک و باوکت نەیەڵن زۆر پایسـکل بـەکار بێنی ئەویش لەبەر ئەوەیە کە نایانەوێ تووشـی ئـازار و ڕووداوی ناخـۆش بـی. بۆیە هەوڵ بدە فێـری بنەماکانـی هاتوچۆ بی و لاسـایی برادەرە لاسـارەکانت مەکەوە و، ئەگەر هەبوو کڵاو (خوودە) بکە سەرتەوە.



# کۆمپیوتەر

ماردین - سلێمانی

## چاپگەر Printer

چاپگەر پێداویسـتییەکی ترە کە پێوەستە بە کۆمپیوتەر ، لە ڕێگای ئەم ئامێرەوە ، دەتوانین وێنە ، نووسـراو و دەیان شـتی تر لەسەر کۆمپیوتەرەوە بخەینە سەر کاغەز و چاپی بکەین .

دوو جۆر چاپگەرمان هەیە :

١ - چاپگەری لێزەری ، کە نرخی گرانترە و وێنەکانی زۆر جوان و پوختن .

٢ - چاپگـەری مەرەکـەب ، نرخێکـی هەرزانی هەیـە و بۆ کاری ڕۆژانەمان بە کار دێت .



# سانسۆر چییە ؟

هەستی فەهمی - هەولێر

لە زەمانـی لاتینیدا دەستخسـتنە نـاو کاروبار دەگەیەنێـت، ئیتـر قەدەغەکـردن بەهـۆی دەسـەڵاتەوە بێت چ سیاسـی یا ئاینـی یا هەر شـێوەیەکی تر بێت. ئێستا بەزۆری سانسۆر لە بواری چاپەمەنیدا دەکرێت. لە سەدەی شازدەی زاییندا کڵێسـای کاسـۆلیک یەکەمین نموونەی نووسراوە قەدەغەکراوەکانی بڵاو کردەوە.

سانسـۆر دوو جـۆری هـەن: سانسـۆری قەدەغەکردن و سانسۆری سزادان.

جیاوازیی نێوانیـان ئەوەیـە، یەکەمیان بەر لە بڵاوبوونەوەیە و دووەمیان دوای بڵاوبوونەوەیە.

لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا سانسۆر هێمنانە و بـۆ قازانجی خەڵکـە، تەنیا لە کاتی شـەڕ و ئاژاوەدا توندوتیژ دەبێت.

# بۆچی میلی کاتژمێر بەلای ڕاستدا دەسووڕێتەوە؟



ژوان سۆران - دووبز

هەمووممـان دەزانیـن کە میلـی کاتژمێر لەلای چەپەوە بـەرەو لای ڕاسـت دەسـووڕێنەوە، بـەڵام دەبێ ئەمـە هۆکارەکەی چی بـێ و بۆ بەرەو لای ڕاست دەسووڕێنەوە و بەلای چەپدا ناسووڕێنەوە؟

وەڵامی ئەم پرسـیارە لـە لاپەڕەکانی مێژوودا دەدۆزرێتەوە.

ئەو کاتژمێرانەی لە سەرەتادا مرۆڤ دروستیانی کرد، بەگوێرەی ئاراستەی (ڕێڕەو) هەتاو کاریان دەکرد. لە نیوەی باکوری زەویشدا، کە زۆربەی ئامێرەکانـی ژماردنی کات لـەوێ دەرکەوتن و داهێنران، سێبەر لەگەڵ ڕەوتی هەتاو لە ئاسماندا بەرەو لای ڕاست ڕێی دەکرد. بۆیە کاتێ کاتژمێر دروست کرا میلەکانی بەو ئاراستەیە جووڵەیان دەکرد، لە چەپەوە بەرەو ڕاست.



# پێبکەنە تا جوانتر بیت

هەوری هیوا – کۆیە

ڕۆژێـک مامۆسـتایەک بە قوتابییـەک دەڵێت: پیاوم بۆ بخەرە ڕسـتەوە.
قوتابییەکەش دەڵێت: دایکم ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی سپیاوە.

شەوێک پیاوێک لە خەویدا درک دەچێت بە پێیدا بۆ شەوی دواتر بە پێڵاوەوە دەنوێت.

قوتابییەک دەچێت بۆ زانکۆیەکی ئەمەریکی، سەیر دەکات زۆربەیان لەسەر تیشێرتەکانیان نووسراوە (Pepsi, coca cola) ئەویش لەسەر کراسەکەی دەنووسێت (Mastaw)

لە کوڕێک دەپرسن حەسـەن زیرەک خەڵکی کوێ بوو؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: خەڵکی هەولێر بوو برای خوالێخۆشبوو قادر زیرەک بوو.

جارێک پیاوێکی ڕەزیل دەچێتە چێشتخانەیەک ، نان دەخوات و هاوڕێکەی بەسەریدا دێت پێی دەڵێت ئەوە چی دەکەیت ؟
ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: نامبینی وا سەرەم دەتاشم.

## دوو نوکتە

گێلاس جەودەت – داقووق

### درۆ

یەکەم: باوکم سـەعاتێکی هەبوو حەوت ساڵ لە چاڵێکدا بوو، کە هێنامانە دەرێ، نەک هەر ئیشی دەکرد، بەڵکـو بۆ چرکەیەکیش پاش و پێشـی نەدەکرد.
دووەم: جـا ئەوە چییە؟ باوکم حەوت سـاڵ لە چاڵێکدا بوو، کە هاتە دەرەوە هەر زیندوو بوو!
یەکەم: باشە بابت لەوێدا چی دەکرد؟!
دووەم: سەعاتەکەی بابتی قورمیش دەکرد.

### خەو

مامۆستا: ئادەی بزانم بۆچی دواکەوتوون؟
قوتابی یەکەم: مامۆستا نوستبووم، لە خەوما بۆ شوێنێکی دوور دەچووم.
مامۆستا: ئەی تۆ بۆ دواکەوتبووی؟
قوتابـی دووەم: ئاخـر منیش ئـەوم بەڕێ دەکرد.





# تینا: وێنەکانم بوونەتە جێگای سـەرنجی مامۆستاکانم

دیمانە: ئیمان جەباری



(تینا فەرهاد حوسێن جەباری) تەمەنی ١٣ ساڵە و، پۆلی سێیەمی ناوەندییە، هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی وێنەکێشان و گۆرانیی کوردییە، بەتایبەتــی گۆرانیی منداڵان و (زەکەریا). بــەڵام مخابن وەک خۆی دەڵێ: مــن دەنگم زۆر ناخۆشــە بۆیە نابم بــە گۆرانیبێژ، وەلــێ دەکرێ ببم بە مۆزیکژەنێکی باش.
تینا لە بارەی وێنەکانەوە دەڵێ: تا ئێستا بەشداری هیچ پێشانگایەکم نەکردووە، بەڵام وێنەکانم بوونەتە جێگای سەرسوڕمان و سەرنجی مامۆستاکانم.
تینا دەڵێ: گۆڤاری منداڵان دەخوێنمەوە بەتایبەتی گۆڤاری منالانی باوەگوڕگوڕ کە ئێســتا لە شــوێنی (حاجیلە) دەردەچێت و چیرۆکەکانی و نوکتە و قســە خۆشەکانیم بەدڵە. و هەموو جارێ نوکتەکانی ناو گۆڤارەکە بۆ هەردوو هاوڕێم (جیهان و سۆما) دەگێڕمەوە.
لە کۆتاییدا تینا وتی: (لەنجە)ی خوشــکم کە هونەرمەندێکی شــێوەکار و مامۆستا ئەمەل کە یەکێکە لە مامۆستا زۆر خۆشەویستەکانم کە زۆر هاندەر و هاوکارمن.



# چیرۆکەکانی حاجیلە دەخوێنمەوە

دیمانە: نسێ

**ناوت :** هەتاو فەلاح.
**تەمەنت چەندە؟:** ١٣ ساڵ .
**لە چ پۆلێکی؟:** یەکەمی ناوەندیم.
**قوتابخانەکەت ناوی چییە؟:** سەباحەی کچان .
**ئاواتت چییە؟** حەز دەکەم لە دوا ڕۆژدا ببم بە مامۆستا تاوەکو خزمەتی کچان و کوڕانی شارەکەم بکەم.
**ئـارەزووت چییە؟** ئـارەزووم ئەوەیە لــەدوای خوێندن فێری مۆسیقا ببم بەتایبەت ئالەتی پیانۆ.
**گۆڤاری منداڵان دەخوێنیتەوە؟** بەڵێ بەپێی کات چیرۆکەکانی حاجیلە دەخوێنمەوە.

گەردوون



# کامانەن گەورەترین هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر؟

ئامادەکردنی: گزنگ - کەرکووک

کۆمەڵەی خۆر دوو هەسارەی فلامەرزی لەخۆگرتووە، ئەوانیش موشتەری و زوحەلن.

هەردووکیان لە ئاسماندا دەدرەوشێنەوە و بەبێ تەلیسکۆب و بەچاوی ئاسایی دەبینرێن.

زوحەل بەوئەڵقانە دەناسرێتەوە، کە دەوریان داوە و لە کەڤر و تەپوتۆز و شەختە پێکهاتووە.

موشتەری گەورەترین هەسارەی کۆمەڵەی خۆرە.

قەبارەکەشی دوو هێندەی کۆی قەبارەی سەرجەم هەسارەکانی ترە.

ئەگەر تەلیسکۆبێکی گەورە بەکاربێنی، شریتە گازییەکەی دەوری موشتەری دەبینی.

لەسەر رووی هەسارەی موشتەریدا پەڵەیەکی زۆر گەورەی سوور هەیە، کە بریتییە لە زریانێکی گەورە و چەندان ساڵە لەسەر هەسارەکە هەڵیکردووە و تا ئێستە بەردەوامە.



کام هەسارە دوورترین هەسارەیە لێمانەوە؟

أ- نیپتۆن و پلۆتۆ.

ب- عوتارد و زوهرە.

ج- موشتەری و زوحەل.





# سینەما

بەهرە جەبار - سلێمانی

## چیرۆکی بووکە شووشەکان



( وودی ) و ( بەز ) و هاورێکانیان ، جارێکی تر ئەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵێ سەرکێشیی تر ، لەم بەشەدا کە بەشی سێیەمی ئەم فیلمە سەرکەوتووەیە لە ولاّتانی ئەمەریکا و جیهاندا .

ئەم دوو هاورێیە ، لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی ئەم فیلمە کارتۆنییە پێکەوە ناگونجێن و بەردەوام لە بۆسەدان بۆ یەکتری ، بەڵام لە کاتی تەنگانەدا پشتی یەکتری بەرنادەن و وەکو دوو هاورێی دڵسۆز رەفتار دەکەن لەگەڵ یەکدا .

لەم بەشەدا ( ئەندی ) هاورێیان ، زانکۆ تەواو دەکات و خۆیان لە ژێر رەحمەتی ( تۆتس ) ی دڵ رەق دەبیننەوە .

ئایا چۆن خۆیان دەرباز دەکەن ؟

( وودی ) و ( بەز ) ، کۆتایی بە دەمەقاڵێکانیان دەهێنن بۆ دەربازکردنی ( کین باربی ) ؟

تەماشای ئەم فیلمە سەرنجراکێشە بکە و وەڵامەکان وەرگرە .

**بەرهەمی** : ٢٠١٠ .

**دەرهێنانی** : لی ئەنکریچ .

**نووسینی** : جۆن لاسیتر .

**نواندنی** : تۆم هانکس ، تیم ئەلێن ، جوان کوساک .

**داهات** : ٤١٤ ملیۆن دۆلار

# پردۆکە

سیناریۆ : ئەحمەد حسێن ئەحمەد-سلێمانی
نیگار : نەجات عەبدوڵڵا



با ئەمجارە لەژێر سـێبەری ئـەم دەوەنەدا لێی دابنیشـم و تەماشـای ئەم جۆگەلە ئاوە بکەم و کەمێ گوێ لە خورەی بگرم




ئەوەی باشە هەرگیز تێر لە سەعیکردن ناخۆم و بێتاقەت نابم.



ئۆخەیـش کەوتەوە بیرم با راسـتەکەم بکەم بە پردۆکە بۆیان، بزانم بە کەڵکیان دێت؟!



وەی کـە خۆش و سـەیرە مێروولەکانی ئەمبەر و ئەوبـەر بەخۆیان و دەنکـە گەنمەکانیانەوە بە ئاسایی دەپەڕنەوە.



ئای کە گوناحە ئەم مێرولانە دەیانەوێ بپەرنەوە بـۆلای ئـەو کۆمەڵـەی ئەوبەر کەچـی ئاوەکە ماوەیان ناداو دەیانداتە بەر شەپۆلەکەی.



نا.. با بیر بکەمەوە، تا رێگەیەک بۆ ئەم زیندەوەرە ئیشکەرانە بدۆزمەوە تا بە ئاواتیان بگەن.



کەواتـە ئـەم راسـتەیە بۆخۆتـان، ئیتـر مـن دەخوێنمەوە و دەنووسمەوە.



- کاتەکـەم تەواو بوو، خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە وانەکەم لەبەر کرد و فریای ئەو مێرووڵانەیش کەوتم.

# جوگرافیای وڵاتان

٧

ڕۆشنا کەرکووکی



## ئیسپانیا




**ناوی وڵات**: شانشینی ئیسپانیا

پێگەی جوگرافیایی: ئیسپانیا دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئەوروپا، فەرەنسا و ئەندۆرا دەکەونە باکوری ڕۆژهەڵاتی، پورتوگالیش سنووری ڕۆژئاوای پێکهێناوە، ناوچەی جەبەل تاریقی بەریتانیاییش دەکەوێتە باشوورییەوە.

**ڕووبەر**: ٥٠٥ هەزار و ٩٩٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە

**ژمارەی دانیشتوان**: ٣٩ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس

**چڕیی دانیشتوان**: ٧٨,٧کەس لە کیلۆمەترێکی چوارگۆشەدا

**پێکهاتەی ئایینی**: ٩٧٪ مەسیحیی کاتۆلیک و ٠,٤ پرۆتستانت و ٢,٦٪ ئایینەکانی تر

**پایتەخت**: مەدرید (٤ ملیۆن و ٧٢ هەزار کەسی تێدا دەژی)

**گرینگترین شارەکانی**: بەرشەلۆنە، ڤالنسیا، ئیشبیلیە، سەرقستە

**شێوەی حوکمڕانی**: پادشایەتی دەستووری

**دراو**: یۆرۆ

زمان: زمانی فەرمی ئیسپانییە، بە کەتەلانی و باسکیش دەدوێن

**گرینگترین هەناردەکانی**: ئامرازەکانی گواستنەوە، کەرەستەی کشتوکاڵی، مەی، چیمەنتۆ، خواردنەوەی گازدار

**گرینگترین هاوردەکانی**: ڕەشەوڵاخ، بەروبوومی کشتوکاڵی، کەرەستەی بیناسازی، ئاسن، توتن، دار، بەروبوومەکانی وزە

**کات**: گرینچ+١

**مێژووی بە ئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان**: ١٩٥٥

**ڕیزبەندەکان**: سێیەمی جیهان لە بەرهەمهێنانی مەی و مزرەمەنی، پێنجەمی جیهان لە بەرهەمهێنانی جۆ و ئوتومبێل، هەشتەمی جیهان لە ژمارەی بەرازدا، یازدەمینی وڵاتانی جیهان لە بەرهەمهێنانی زینک و دووازدەمین لە مەڕ و ماڵات، سیزدەمین لە پەتاتە و پازدەمین لە بەرهەمهێنانی زیو، شازدەم لە ماسی و حەڤدەمین لە بەهەمهێنانی خەڵووز









# شەترەنج... وەرزشی مێشک

دڵوار - پردێ



شەترەنج chess وەرزشێکە کە بەمێشک دەکرێ و توانا و زیرەکیی دەوێ.
ئەم وەرزشە پێویستی بەپشوودرێژی و کۆڵنەدان هەیە.
وشەی شەترەنج لە وشەی (شاترەنگا)ی هیندستانییەوە وەرگیراوە کە لە دوو برگە پێک دێ: یەکەمیان (چاتوور) کە بەواتای چوار دێ و، دووەمیان (ئانگا) کە ناوی بەشێکی سوپایە، بەمەش ناوەکە بەگشتی بەواتای (چوار بەشەکەی سوپا) دێ.
بنەمای ئەم وەرزشە ئەو تەختەیەیە کە یارییەکەی لەسەر دەکرێ و، بریتییە لە تەختەیەکی چوارگۆشە کە کراوەتە ٦٤ چوارگۆشەی بچووک کە ٣٢ دانەیان سپی و ٣٢ دانەیان ڕەشن.
ئەم یارییە لە لایەن دوو کەسەوە دەکرێ، یەکێکیان ١٦ بەردی سپیی لایە و ئەوەی تر ١٦ بەردی ڕەش.
هەر کۆمەڵە بەردێکیش پێک دێ لە دوو بەش: بەشی یەکەم برێتییە لە ٨ سەرباز و، بەشی دووەم بریتییە لە یەک دانە شا و، یەک دانە وەزیر و، ٢ فیل و، ٢ ئەسپ و، ٢ قەڵا.
هەر یاریزانێک بەردەکانی دەجووڵێنێ، بێگومان هەر یەکێک لە بەردەکان شێوە و توانای تایبەتی جووڵانی هەیە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی هەر یەکێک لە دوو یاریزانەکە ئەوەیە کە (شا)ی یاریزانەکەی تر گەمارۆ بدا بەشێوەیەک کە بواری جووڵەی نەمێنێ.
یەکەمین پاڵەوانیی جیهانی بۆ شەترەنج ساڵ ١٨٨٦ دەستی پێ کرد و تیایدا یاریزانی ئەڵمان (ئیمانۆئێل لاسکەر) پاڵەوانییەتییەکەی بەدەست هێنا. یەکێتیی جیهانیی شەترەنج ساڵی ١٩٢٤ دامەزرا.
یاری و پاڵەوانیەتیی جیهانیی زۆر کراون بۆ شەترەنج و زۆر یاریزان لەم بوارەدا ناوبانگیان دەرکرد، کە دوایینیان یاریزانی ڕووس (گاری کاسباروڤ) بوو کە بووە پاڵەوانی جیهان دوای ئەوەی لە یاریزان (ئەناتۆلی کاربۆڤ)ی بردەوە لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ و ئەو کاتە تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو.

# ڕۆجێ فیدرەر

## ئەفسانەی تێنسی سویسرایی

خۆشەویست دڵزار - کۆیە



ڕۆجێ فیدرەر خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لە بردنەوەی نازناوە گەورەکانی جیهاندا. فیدرەر خاوەنی ١٦ نازناوە و، لە ساڵی ٢٠١٠دا ژمارەیەکی پێوانەییی نوێی تۆمار کرد لە گەیشتنی بۆ جاری ٢٦ لەسەر یەک بەچوارگۆشەی زێڕین لە پاڵەوانیەتیی ویمبلدنی ساڵی ٢٠٠٤ـەوە.
ئەم ئەستێرە سویسراییە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٦دا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو لووتکە هەڵکشا و سەرەتا لە یەک وەرزێکدا ٦ نازناوی بەدەست هێنا و دواتر توانیی لە یەک وەرزدا ٩ نازناو بەدەست بێنێت. دوای ئەوە داکشا و لەسەر ٦ نازناو لە یەک وەرزدا لە ساڵی ٢٠٠٧ گیرسایەوە و، لە ساڵی ٢٠٠٨ تەنیا ٣ نازناوی بەدەست هێنا و لە ٢٠٠٩دا دووان و لە ٢٠١٠ تەنیا یەکێک بەرامبەر بە ١١ دۆڕاندن لەم ساڵەدا.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیدرەری پاڵەوانی تێنسی سەر زەوی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە تا خولی لەندەنی ئۆلۆمپی لە ساڵی ٢٠١٢ بەردەوام دەبێ چونکە تا ئێستا نەیتوانیوە نازناوی ئۆلۆمپی بەدەست بێنێت.
فیدرەر ساڵی ١٩٨١ لە سویسرا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٨ وەک پیشەوەر یاریی تێنسی کردووە.

# منداڵان بۆ حاجیلە چی دەخوازن ؟

ڕیپۆرتاژ: شەپۆل



من (محەمەد ئازاد)م، و تەمەنم (١٠) ساڵە، بەڵام پۆلی سێیەمی سەرەتاییم چونکە لە قوتابخانە دواکەوتووم، زۆرم حەز بە گۆڤار خوێندنەوەیە بە تایبەتی گۆڤاری حاجیلە، هەموو مانگێک هاورێیەکم بۆم دەهێنێ و بابەتەکانی دەخوێنمەوە، زۆر بابەتی بەسوودی تێدایە بۆ منداڵان تاوەکو فێر بکرێین. من لەماڵەوەش بۆ خوشک و براکانم دەیخوێنمەوە، و زۆر حەزی پێ دەکەن، بەڵام حەز دەکەم ئامۆژگاری بەسوودی زیاتر تێدا بێت بۆ منداڵان و مەتەڵی زۆرتر تێدا بێت و خۆمان لەلای خۆمانەوە هەوڵ بدەین بیدۆزینەوە.



کچە قوتابی (هودا) تەمەنی (١١) ساڵە و پۆلی شەشەمی سەرەتاییە، ئەو دەڵێ: گۆڤاری منداڵان بە تایبەت حاجیلە زۆر بەکەڵکە بۆمان، من هەموو بابەتەکانیم پێ خۆشە و ئەوانەشی کە پێویستیان بە شیکارکردن بێت خۆم دادەنیشم و شیکاریان دەکەم، بەڵام پێم باشە زانیاریی زیاتری تێدا بێت لە ڕاست و هەڵەکان، تاوەکو خۆمان وەڵامیان بدەینەوە و شتی نوێیان لێ فێربین، من ئەوەشی لێوەی فێر بوومە قەت بیرم ناچێتەوە و زۆر سوودم لێی بینیوە.



(محەمەد فاخر) قوتابییەکی پۆلی یەکەمی سەرەتاییە و تەمەنی (٦) ساڵە، ئەو گوتی: من زۆر حەزم لە خوێندن هەیە، بەڵام زیاتر حەزم لە وێنەیە لەناو گۆڤارەکان و هەموو جارێک باوکم حاجیلەم بۆ دەکڕێ و منیش سەیری وێنەکانی دەکەم، بە حەزیش دەکەم وێنەی زۆری تێدا بێت تاوەکو خۆم ڕەنگی بکەم، هەروەها وێنەی گیانلەبەرانی تێدا بێت و باسی بکرێت تا هەموو گیانلەبەرەکان بناسین.





من (ئامینە فاتیح)م و تەمەنم (١٣) ساڵە، و قوتابیی پۆلی هەشتەمم، لە شاری هەولێر دەخوێنم، لەم شارەدا حاجیلە زۆر دیارە لەناو گۆڤارەکانی دیکەدا بە بابەتە ڕەنگاوڕەنگەکانی و جوانییەکەی سەرنجی هەموو منداڵان بۆلای خۆی ڕادەکێشێ، بەڕاستی هەموو بابەتەکانیم بەدڵە، شتێک نەماوە بڵێم کە تێیدا نەبێت، بەڵام خۆزگە ئەو بابەتە بمایە کە لە کۆتاییدا لە بەرگی دەرەوەی گۆڤارەکە وێنەیەک دەکراو دواتر لەخوارەوەی دەنووسرا چیرۆکێک لەسەر ئەم وێنەیە بنووسە و دواتر بۆمان بنێرە، کام چیرۆک باش بوو بڵاوی دەکەینەوە، ئەمە هانی منداڵانی دەدا کە فێری چۆنێتیی نووسینی چیرۆک ببین. بۆیە هیوادارم ئەو بابەتە دووبارە بگەڕێتەوە و شتی زیاتر پێشکەش بە منداڵان بکرێت و دەستخۆشیش لە ستافەکەی دەکەم.



(شەهرام ئەسوەد) قوتابییە و تەمەنی (١٠) ساڵە و گوتی: من لەبەر ئەوەی زۆر حەزم لە مۆسیقایە لەم شارەی ئێمەش مامۆستای مۆسیقا کەمە یان هەشبێت بە پارەیە و دوورە لە ئێمەوە، بۆیە حەز دەکەم مامۆستایەک هەبێ هەر جارەو لە گۆڤارەکەدا باسی ئامێرێکی مۆسیقامان بۆ بکات و وێنەکەشی پیشان بدرێت تا زیاتر بۆمان ڕوون ببێتەوە و هەر هیچ نەبێ ئامێرەکان هەموویان بناسین و وێنەکەیان ببینین، چونکە مۆسیقاش سوودی هەیە بۆ ئێمەی منداڵ. هەروەها پێم باشە گۆڤاری حاجیلە مانگانە نەبێت هەر هیچ نەبێ با پانزە ڕۆژ جارێک بێت، چونکە زۆر ناخۆشە کە چاوەڕێ دەکەین هەتا مانگ دەڕوات، کە خوێندنمان تەواو دەبێ نازانین خۆمان بە چییەوە خەریک بکەین.



من (ئارام)م پۆلی سێیەمی سەرەتاییم و تەمەنم (٨) ساڵە، حاجیلە گۆڤارێکی جوان و خۆشە وێنەکانی زۆر جوانن، هەموو جارێک کە دەردەچێ بە باوکم دەڵێم بۆمان دەکڕێ، چونکە هاوڕێکانیشم لە قوتابخانە پێیانە و بابەتەکانی پێکەوە حەل دەکەین، بەس حەزم دەکرد چیرۆکی زۆری تێدا بێت، چونکە مامۆستاکەمان ئەگەر وانەکەمان تەواو کرد، پێی دەڵێین هەر جارەو چیرۆکێکیمان بۆ دەخوێنێتەوە.

## قەڵەمە ناسکەکان



## کوردستان

عەبدولڕەحمان عەبدولوەهاب

پۆلی چوارەم - تەمەن: ١٠ ساڵ

هەر تۆ نیشتمانی کوردستان
هەر تۆ دڵ و گیانمی کوردستان
هەر تۆ شوێنی جوانمی کوردستان
هەر تۆ ژین و ژیانمی کوردستان



## ڕۆژی هەینی

مریەم تۆفیق - خورماتوو

هیوای ڕۆژی (هەینی)مان
کە پشووە بۆ هەمووان
یارمەتی و خۆشەویستی و ژین
بە دایکمان دەبەخشین
دوای ئیش و فەرمانمان
لەبەر ئەکەین جلی جوان
پێکرا ئەکەوینە خۆمان
لەگەڵ دایک و بابە گیان
ئەبینە میوان لای خۆمان
لەسەر سفرە و لەسەر خوان
یاخوا هەروا بەشادی
گشت کەس بگات بە ئازادی
دایە و بابەی کەس نەمرێت
دواڕۆژیشمان گەشتر بێت





## چوار هاوڕێ

نەوزاد و ئازاد و دارا و دانا چوار هاوڕێی خۆشەویست بوون بەیەکەوە دەڕۆیشتن بۆ قوتابخانە و یارییان لەگەڵ یەک دەکرد، ڕۆژێ لە ڕۆژان نەوزاد ڕۆیشت بۆ دوکانێک و بە دوکاندارەکەی گوت: سڵاو مامە، دەمەوێ هەندێ شت ببەم و سبەینێ پارەکەی بێنم؟ ئایا تۆ ڕازیت؟ دوکانداراکە گوتی: بەڵێ ڕازیم.

نەوزاد ڕۆیشتە لای هاوڕێکانی و گوتی: سڵاو هاوڕێیان دەزانن ئەمڕۆ چیم کرد؟ ئەوانیش وتیان چیت کرد ؟ نەوزاد گوتی: هەندێ شتم کڕی لای دوکاندارێک و پێم گوت بەیانی پارەکەت بۆ دێنم، بەڵام درۆم لەگەڵی کرد بەیانی پارەکەی بۆ نابەم ! ئازاد گوتی: ئای چەند بیرۆکەیەکی باشە ئێمەش وەکو تۆ دەکەین. دارا گوتی: من ناتوانم ئەو کارە بکەم، دانا لەدڵی خۆیدا گوتی: دانا وەڵام بدەرەوە لای نەوزاد و ئازاد بەتوڕەیی. دانا گوتی: درۆ لەگەڵ دوکاندارەکە بکەن کاری خراپ ئەنجام دەدەن. نەوزاد گوتی: نەخێر بەڵام هەندێ شتی هەرزان بەهام کڕی دانا گوتی: تۆ چی دەکەیت نەوزاد ئەگەر باوکت گوێی لێ بوو باوکت لەم گەرەکە گوێی لە هەموو شتێک دەبێت.

ئەگەر باوکت ئەو هەواڵەی زانی چی دەکات؟ ئایا ئەو کات تۆ ڕازی دەبیت ئەگەر ئەو شتانە هەرزان بەها بن و گرانبەها بن ئەو کارە هەر گوناهە بیگەڕێنەوە بۆ خاوەن دوکانەکە و تۆ دارا لەسەرتە ئامۆژگاریی هاوڕێکانت بکەیت هەتا کاری خراپ ئەنجام نەدەن. نەوزاد گوتی: سوپاس دانا بۆ ئەم ئامۆژگارییە بەیانی پارەی ئەو شتانە لە باوکم وەردەگرم و دەیدەمە دەست دوکاندارەکە.

هیوا و دارا-کەرکووک





## کەری نەفام

وەرگێڕانی: بەهار محەمەد - هەولێر

جووتیارێک گوێدرێژێکی هەبوو لە بارگواستنەوەدا یارمەتیی دەدا. هەمیشە بەزەیی پێدا دەهاتەوە و فەرامۆشی نەدەکرد. جارێکیان فەردەیەک خوێی لێ بارکرد تا بۆ گوندەکەی نزیکیانی ببات. لەکاتی پەڕینەوە لە پردەکە بارەکە لەسەر پشتی جووڵا و کەوتە ئاوەکەوە. کابرا زوو فەردە خوێیەکەی هەڵگرتەوە و خستیەوە سەر پشتی گوێدرێژەکە.
کەرەکە هەستی کرد بارەکەی سووک بووە، چونکە بەشی زۆری خوێیەکە لە ئاوەکەدا توابووەوە.
لە ڕۆژی دووەمدا بەهەمان شێوە کە گەیشتنە سەر پردەکە دیسانەوە خۆی ڕاتەکاند و خوێیەکە کەوتە ئاوەکەوە و بارەکەی سووک بوو. بۆ ڕۆژی سێیەمیش هەمان کاری دووبارە کردەوە.
کابرای جووتیار لە فێڵەکەی گەیشت و ویستی تەمێی بکات. بۆیە ئەمجار فەردەیەکی پڕ لە لۆکەی لەسەر پشتی بارکرد. کەرەکە دیسانەوە هەر کە گەیشتە سەر پردەکە بەئەنقەست بارەکەی لەسەر پشتی خست و کەوتە ئاوەکەوە. بەڵام ئەوەی مایەی سەرسەرمان بوو بەلایەوە ئەمجا بارەکەی چەندین قات قورستر بوو بوو، چونکە پەمووەکە ئاوی زۆری مژیبوو. ئیتر لەو ڕۆژەوە تەمێ خواردوو بوو و دووبارەی نەکردەوە.



## چۆلەکە

بابۆ شۆڕش

ئەی چۆلەکەی پاساری
باڵدارێکی نازداری
بە دەنووکە جوانەکەت
دان دێنی بۆ لانەکەت
باڵندەیەکی جوانی
خۆشەویستی هەمووانی

## هاوڕێ

بۆ هاوڕێی خۆشەویستم «ئیمان»

هێمن محەمەد - پۆلی چوارەم
قوتابخانەی ئەزمەر

هاوڕێکەم بەجێی هێشتم
بە تەنیایی دانیشتم
کەسێ نەما بمدوێنێ
خەم لە دڵم دەربێنێ
لە ماڵ و قوتابخانە
وەک مۆمێک لەگەڵمانە
هاوڕێ بۆ بەجێت هێشتم
ئازاری زۆر پێ چەشتم



## پۆزش

داوای لێبووردن لە منداڵانی ئازیز دەکەین ، کە لە ژمارەی ڕابردووی گۆوارەکەمان و ، لە لاپەڕەی ( ٢٨ - ٢٩ )دا ، دوو چیرۆک بە هەمان ناوەڕۆک ، هاتوونەتە بڵاوکردنەوە ، بمانبەخشن

# هەستی چەژتن

ئاشتی عەلی-پردێ



بەو ئەندامی چەژتنانەی کە لەسەر رووی زمان بڵاوبوونەتەوە، دەڵێـــن چەژە گۆپکە. ئەو ئەندامانە لـــە خانەی درێژی کۆڵکن پێکهاتوون، کە هەســـتە ریشـــاڵیان لێوە درێـــژ بووەتەوە بۆ دەمـــاخ. دەتوانرێت چەژە گۆپکەکان بە پێی ئەو هەســـتە ســـەرەکییانەی کـــە کاریان تێ دەکـــەن بکرێن بە چوار بەشەوە، گۆپکەکانی شیرینی و ترشی و سوێری و تاڵی، هەر جۆرێک لەو گۆپکانە دەکەوێتـــە لایەکی دیاریکراوی رووی ســـەرووی زمانەوە، گۆپکەکانی شیرینی دەکەوێتە پێشەوەی زمان و هی تاڵی دەکەونە پشتییەوە و هی سوێری دەکەونە هەردوو لای ســـەری زمان و هی ترشـــی دەکەونە پشـــت ئەوانەوە. ئەم گۆپکانە کاریان تێ ناکرێت تاکو ماددەکان تواوە یا شل نەبن.

هەســـتی چەژتن زۆر گرینگە لە ژیانی مرۆڤدا، چونکـــە وریای دەکاتەوە لە خواردن و خواردنەوەی نەگونجاو کە دەشـــێت زیانی پێ بگەیەنێت ئەگەر بیانخوات، زوو یا درەنگ پێوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان بۆن کردن و چەژتن تا ئەو کاتەی زۆر بەگران لێک جیا دەکرێنەوە.



# سیر و پیاز لە گەستنی مێشوولە دەتپارێزن

ئاشتی عەبدوڵلا - هەولێر

ژمارەیەک پزیشکی خەڵکی وڵاتی ئۆکرانیا دەڵێن مرۆڤ بۆ ئەوەی لە گەستنی مێشوولە ڕزگار بێ وا باشە سیر و پیاز و سرکەی سێو و مزرەمەنی و ڤانێلا زۆر بەکار بێنێ لە خواردندا.

هەروەها ئەو پزیشکانە دەڵێن ئەگەر هات و مێشوولە پێوەتی دا شوێنی پێوەدانەکە بەشیر و ئاو یان بەخوێ و زەیت چەور بکە بۆ ئەوەی زوو چاک ببێتەوە.

ئەو پزیشـــکانە دەڵێن ئەگەر ڕۆژانە، لە وەرزی زۆربوونی مێشـــوولەدا، دوو دەنک ســـیر یان ســـێ کەوچک سرکەی سێو بخۆیتەوە، ئەوا مێرووە پێوەدەرەکانت لێ دوور دەکەون، چونکە لەشی مرۆڤ دوای خواردنی ئەم شتانە هەندێ ماددە دەردەدات کە مێشوولە و هاوشێوەکانی دوور دەخەنەوە.





کوردستان محەمەد - کەرکوک

## هەڵیبێنە

-ئەو شتە چییە بە کولاندن دەیبەستێ؟

– ئەوە چییە سەری دەبڕی بۆی دەگریی؟

– ئەو شتە چییە دانی هەیە و کەس ناگازێت؟

– ئەوە چییە دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە؟

– ئەوە چییە سەری مەبڕە و بیخۆ؟

## ئایا دەزانی

– فیل رۆژانە ٢٠٠ لیتر ئاو دەخواتەوە

– مار بەهۆی زمانییەوە نێچیرەکەی ڕاو دەکات

– شوورەی چین درێژییەکەی ٢٤٠٠ کیلۆمەترە

– سەلاحەدینی ئەیوبی لە تکریت لەدایک بووە

– یەکەمین کەس کە پیلی دروست کرد ڤۆڵتای ئیتاڵی بوو



## بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

**کەر، دۆست، مار، ماڵ، کاڵەک**

– دەستێک دوو.......هەڵناگیرێ.

– دوژمن قەت نابێت بە........

– گا کردی و......خواردی.

– .........بەقسەی خۆش لەکون دێتە دەر.

– ........ بە خاوەن ماڵ حەرامە.

هەوری هاوڕێ-سلێمانی

## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

بورجی ئیڤڵ لە چ ساڵێکدا دروست کرا؟
- ١٨٨٧
- ١٨٧٧
- ١٨٦٧

مۆسۆلینی لە چ ساڵێکدا لەدار درا؟
- ١٩٤٣
- ١٩٣٣
- ١٩٢٣

ڕێژەی ئاو لە لەشی مرۆڤدا چەندە؟
- لە ٧٠٪
- لە ٨٠٪
- لە ٩٠٪

یارییەکانی ئۆلۆمپی چەند ساڵ جارێ ئەنجام دەدرێن؟
- ٤ ساڵ
- ٥ ساڵ
- ٦ ساڵ

پلازما لە سەدا چەندی خوێن پێکدەهێنێ؟
- ٦٠٪
- ٧٠٪
- ٨٠٪

## بمرەنگێنە

لەرین - سلێمانی





## ڕامان

ئالا شێرزاد-سلێمانی

ئەو ژمارەیە چەندە کە ڕاستی بەم خشتانە دەبەخشێ؟

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 6 | = 7 | 9 | 8 | = 8 | 6 | 7 | = ? |
| 3 | 1 | | 7 | 2 | | 5 | 4 | |

## حەوت جاران ئەم ڕستەیە بلێرەوە

شیر خواردم ، شیری شەکی سەر ڕەش خواردم .



زانا سەباح - کەرکووک



## بیرکردنەوە

ئەستێرە عەلی-سلێمانی

ئایا ژمارەی نادیاری ئەم دوو شێوە چوارلا لەسەریەکە چەندە؟







## قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە

نەجات عەبدوڵڵا - کەرکووک

## چاوتیژی

شیلان بەکر - کەرکووک



لەم وێنەیە وردبەرەوەو بزانە ئەو چوار لایەی بەرەنگی سوور لەنێو بازنە هاوچەقەکەدا کێشراوە، چوارگۆشەیە یان نا؟
بەڕاستەیەک خۆت دڵنیا بکەرەوە.

# ئەمانە شرۆڤە بکە

شاڵو ئەمین – گوندی قۆجەلەر

- کامیان قورسترە، فەردەیەک لۆکە یان فەردەیەک خوێ؟
- چ وڵاتێک مردووی تیا نامرێت و ئاردیشی تیا ناهاڕدرێت؟
- جیاوازی چییە لەنێوان لیرەیەکی نوێ و چوار لیرەی کۆندا؟
- کام ژمارەیە ئەگەر هەڵیگێڕیتەوە کەم دەکات؟
- پشیلەیەک کەوتە بیرێکەوە بەساغی دەرهات، چۆن دەرهات؟

# کۆدی پەیوەندی کردن

پەخشان حاجی – بازیان



| | |
|---|---|
| ئوستراليا | ٠٠٦١ |
| ئەڵمانیا | ٠٠٤٩ |
| ئەمەریکا | ٠٠١ |
| ئینگلستان | ٠٠٤٤ |
| بەرازیل | ٠٠٥٥ |
| فەرەنسا | ٠٠٣٣ |
| فلیپین | ٠٠٦٣ |
| کوبا | ٠٠٥٣ |
| میسر | ٠٠٢٠ |
| نەرویج | ٠٠٤٧ |

# هونەری دەست



نەجات عەبدوڵلا – کەرکووک

# پایتەخت

نەرمین سالار – کەلار

## پایتەختــی هەندێـک لە وڵاتانــی هەردوو کیشوەری ئەمەریکا

کەنەدا – ئۆتاوا

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا – واشنتۆن

پیرۆ – لیما

بەرازیل – بەرازیلیا

کووبا – هاڤانا

ئەرجەنتین – بۆینس ئایرس

مەکسیک – مەکسیکۆ

ڤەنزوێللا – کاراکاس



# ناوی شوێنێکە لە کوردستان

ڕەوا عوسمان – کەرکووک

ناوی شوێنێکە لە کوردستاندا و پێنج پیتە ئەگەر یەک پیت لە ناوەکەی لابەری ئەوا مەرگ بە چاوی خۆت دەبینی.

## ئەو شوێنە کوێیە؟



نەجات عەبدوڵلا – کەرکوک

## شوێن پێی ئەم پڵنگە بدۆزەوە

# وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل١١
**خەڵات،** دوان
**مەتەڵ :** شەو

ل٢٦
هەڵە و ڕاست، تەنیا دواپرسیار هەڵەیە

ل٣٤
**گالیلۆ**
**شقارتە :** تەڵێـک لە نیشانەی کۆیەکە هەڵدەگری و لە سەر ژمارەی ٣٥ کە و دەیکەین بە ٣٩ .

ل٣٥
**ڕێگەچارە،** یەکەمجار بەرخەکە دەپەڕێنیتەوە، دواتر گورگەکە، ئینجـا بەرخەکە دەگەڕێنیتـەوە و گیاکە دەبات و دەگەڕێتەوە بۆ بەرخەکە.

ل٣٦
**وشەی بزر،** بانە
**شیکاری،** هەناره


خاوەنی ئیمتیاز
**بەدران ئەحمەد حەبیب**
سەرپەرشتیار
**عۆف عبدالرحمن**
سەرنووسیار
**حەمە سەعید زەنگنە**
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_ z@yahoo.com
جێگری سەرنووسیار
**نەبەز ڕۆستەم**
ڕاوێژکار
**ڕێواس ئەحمەد**
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی
**پەروەر**
تایپ
**دلێر ڕەفیق**
ناونیشان
کەرکووک – شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری

## گەیاندن

ئـەم هێڵانـە بگەیەنە دەزانی یەکەم سـەرۆک کۆمـاری وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو؟

شادان جەبار-چوارقورنە

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ج | ش | ر | ژ | ن | ا | ج | ت | ن | ۆ | و |



تەنها ٥ جیاوازی لە نێو ئەم دوو وێنەیە هەیە.....دەتوانێت دەستنیشانیان بکەیت؟





پروشە جەبار – سلێمانی

## یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر – کەرکووک




جێگۆڕکێ بە یەک تەڵە شقارتە بکە تـا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە شەست و پێنج .



## جێگۆڕکێ

جێگۆڕکێ بە دوو ژمارە بکە تا بە شاقووڵی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکەنە ٢١

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 1 | 5 | 3 | 4 | 2 |
| 4 | 3 | 2 | 6 | 5 | 1 |
| 2 | 6 | 1 | 5 | 3 | 4 |
| 3 | 5 | 4 | 1 | 2 | 6 |
| 1 | 4 | 3 | 2 | 6 | 5 |
| 6 | 2 | 6 | 4 | 1 | 3 |

شادان شێرزاد – قەرەهەنجیر

## هاوبەشی

دلێر – چەمچەماڵ





لە نێوان ئـەم دوو وێنەیەدا پێنج شتی هاوبەش هەیە.

## ئەمانە بزانە

محەمەد کەریم-کەسنەزان

- بەنێوبانگترین تابلۆ لە جیهاندا تابلۆی مۆنالیزایە
- ئەمەریکا لە ٥٢ ویلایەت پێکهاتووە
- شەمشەمە کوێرە ساڵی یەک جار بەچکە دەکات
- ماسیی توونە ١٠٠ کیلۆمەتر لە یەک کاژێردا دەبڕێت
- سیۆل پایتەختی کۆریای باشوورە
- چیای مۆر لە باکووری کوردستانە
- بەرزترین شار لە جیهاندا (لاباز)ە لە بۆلیڤیا
- لە ٢١ی حوزەیراندا شەو و ڕۆژ یەکسان دەبن

## چۆن دەگەیتە ئالتونەکە؟

نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک



## وشەی بزر

داستان محەمەد -کەرکووک

دوای ئـەوەی بە هێڵێکی راسـت ناوی ئەم مێوانەی لای خوارەوە دەسڕیتەوە نـاوی مێوەیەکـت بـۆ دەمێنێتەوە لە چوار پیتـان پێکهاتووە و رەقە و بۆنێکی خۆشی هەیە زۆر دەمێنێتەوە:

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | ۆ | م | ی | ل | ت | ش | ب | ل | ن |
| ە | ا | ی | ه | ر | ا | ە | ا | پ | ا |
| ڵ | ل | ک | ێ | ت | ڵ | ل | ر | ێ | ر |
| و | ا | س | و | ا | ە | ت | ێ | ه | ن |
| ژ | و | م | ڵ | ن | ە | م | ە | س | ج |
| ە | چ | و | ک | ق | ر | ن | ێ | ە | ب |
| ق | ک | ی | ا | ە | ا | و | ز | ۆ | م |
| ۆ | ■ | ڵ | ه | ر | ی | س | ی | ە | ق |
| خ | ا | ی | ن | د | ی | ک | ن | ە | ی |
| ی | س | ن | ە | ڕ | ە | ف | ی | و | ت |

مسـکی، پرتەقـاڵ، هەرمێ، هەنار، سـێو، نارنـج، تو، جـوالا، قەیسـی، لالەنگی، مۆز، تـرێ، شـاتو، لیمـۆ، هەڵـوژە، قـۆخ، توی فەرەنسی، یەنگی دنیا، ڵاڵوک.

## کوێرکردنەوە

دوای ئەوەی پیتەکانی نێوی ئەم باڵندانە لە خوارەوە کوێردەکەیتەوە. ناوی باڵندەیەکت بۆ دەمێنێتەوە هاوشێوەی کەمۆترە.

کلاوکورە. سوێسکە. کۆتر. شەهێن

محەمەد زرار - پردێ

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ت | ك | ر | س | ە | ه | ك | ن | و | و |
| ت | ك | ی | س | ە | ێ | ك | ۆ | و | و |
| خ | ك | ێ | س | ە | ر | ك | ڵ | ا | و |

## شیکاری

تانیا وەلی -چەمچەماڵ

ناوی یەکێک لە هاوینە هەوارە خۆشەکانی کوردستانە تـۆش ژیـر و وریابە بزانە کامەیە لە پاش شیکارکردنی ئەم پرسیارە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | = | 1 | + | 4 |
| | = | 5 | - | 10 |
| | = | 6 | + | 3 |
| | = | 7 | - | 11 |
| | = | 8 | + | 7 |
| | = | 5 | - | 12 |

| | | |
|---|---|---|
| 9 | = | ن |
| 4 | = | ا |
| 15 | = | ر |
| 5 | = | ە |






چ باڵندەیەک لە کاتی فڕیندا بەردەوام دەخوێنێ ؟

دوادەلیقە ٣/٢٥



## گوتەی نێوداران

شنۆ سابیر -کۆیە

- چاوەکان هەرچەند گەورە بن ناتوانن خۆیان ببینن — شکسپیر
- دایک بەدەستێکی کۆرپەکەی دەهەژێنێ و بەویتریان جیهان — ناپلیۆن
- ئەگەر هونەر نەبوایە ئەوا حەقیقەت ورد و خاشی دەکردین — نیچە
- بەختەوەر کەسێکە شادیی خەڵکی بە هی خۆی بزانێت — گۆتە
- کەمێک کاری باش باشترە لە قسەی زۆرباش — گوین هیمۆر

## سودۆکو

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | | | 1 | 6 | |
| | 2 | 1 | | | 5 |
| | | | | 3 | |
| | 5 | | | | |
| 5 | | | 6 | 1 | |
| | 1 | 6 | | | |

ئاڤان جەمال-بازیان

تۆڕی سودۆکۆ پێکهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاکێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بەژمارە (١-٦) پربکەیتەوە بەمەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ریزی ئاسۆیی و ستوونی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

## بمگەیەنە

نەجات عەبدوڵڵا - کەرکووک



# هاوڕێیانی حاجیلە


میدیا شیروان


ئیمان


ئیلاف شاهۆ


لارا شوان


فیردەوس جومعە


پەرێز فەتاح


بروسک شوان


ئەحمەد سەلمان


دێرین کامل


هێشو


دابان


محەمەد


چۆپی ئیسماعیل



## سێبەری ئەمە بدۆزەرەوە

شەماڵ شوانی – کەرکووک








بەهار رۆژ – کەرکووک

## بیرکاری

کاروان سابیر – پردێ

شەمەندەفەرێک ٨ فالگۆنی هەیە، لەهەر فالگۆنێکدا ٢ ریز کورسیی هەیە، هەر ریزێکی ٢٠ کورسیی تێدایە، لە دووا وێستگەدا ٣٠٠ کەسی لێ دابەزین، ئایا شەمەندەفەرەکە چەند کەسی تری دەویست تا بەتەواوی پر بێت؟

## کار و پیشە

سەوسەن حەمەبۆر – سەرچنار

**بەم کەسانە چی دەڵێن ؟**

لۆکە و خوری شیدەکاتەوە..........

منداڵی بچکۆلەی بێ داک و باب بەخێو دەکا........

نامەیەکی زۆر لە جانتایدایە و دەیگەیەنێت بە خاوەنەکەی .........

زین و کیفی دەمانچە و قایش لە چەرم دروست دەکات ...........

کاری کشتوکاڵی بۆ خاوەن زەوی دەکا، وەکو دروێنە و شەن و گێرە

پێڵاو و پاپوچی دراو و هەڵوەشاو چا دەکاتەوە ............

جاجم و بەرماڵ لەخوری و موو دەچنێت بەئامێرێکی تایبەتی ...........

پێستەی مەڕ و گاو گۆتاڵ خۆشە دەکات و چاکی دەکات........